# ڕادەی کاریگەری زمانی ئینگلیزی لەسەرفێربوونی زمانی دایک( لە قۆناغی بنەڕەتی)دا

**م. ڕێژنە معروف حسین**
**زانکۆی ڕاپەڕین**
**کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی**
**بەشی کوردی**

## پێشەکی:

گومان لەوە دانییە، کە زمانی ئینگلیزی زمانێکی جیهانییەو بەشێوەیەکی فراوان لەم سەدانەی دوایدا بڵاوبۆوە. ئەم بەجیهانیبوونەشی زیاتر لەڕێگەی ئابوری و ڕۆشنبیری و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا لە بواری پەیوەندی و بە تایبەت لەڕێی بەکارهێنانی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە بووە. بەهۆی ئەو پێشکەوتن و گەشەکردنە خێرایەی بواری تەکنۆلۆژیا دەوڵەتان بیریان لەوە کردەوە خۆیات فێری زمانی بیانی بکەن بەتایبەت ئەو زمانەی، کە زمانی گواستنەوەو ئەو پەیوەندییە پێشکەوتووە نێوان وڵاتان بوو وەک: زمانی ئینگلیزی.

بڵاوبووەنەوەی بەم شێوە خێرایە وایکردووە، کە نەتەوەکان لەپاڵ خوێندنی زمانی دایک گرنگی بەخوێندنی ئەم زمانە بدەن، کوردیش هەروەک نەتەوەکانی تر گرنگی بە خوێندنی زمانی ئینگلیزی داوە، بەشێوەیەک ساڵانی پێشوو خوێندنی وانەی ئینگلیزی لە پۆلی پێنجی سەرەتاییەوە دەستی پێدەکرد، واتە دەتوانین بڵێین لەدوای تەمەنی یازدە ساڵییەوە بوو، بەڵام لەم چەند ساڵەی ڕابرووودا خوێندنی زمانی ئینگلیزی هێنرایە قۆناغی باخچەی ساوایان.

واتە ئێستا لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە تاکو قۆناغی زانکۆش زمانی ئینگلیزی دەخوێندرێت. سەرەڕای ئەمانە ئێستا دەبینین لەهەندێ باخچەی ساوایانی و قوتابخانە حکومی و ناحوکومییەکان لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتییەوە سەراپای خوێندنییان بە زمانی ئینگلیزییە جگە لە یەک وانەی زمانی کوردی، کە ئەلفبێیە بەکوردییە. بۆیە ئامانجمان لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە بزانین ئایا ڕادەی کاریگەری خوێندنی زمانی ئینگلیزی لەسەرفێربوونی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

زمانی دایک[*] لەم قۆناغە چۆنەو چەندە؟ سنوری توێژینەوەکە قۆناغی بنەڕەتی پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەم لە قوتابخانە ی ئینگلیزی ناحوکمییەکانی سنوری شاری ڕانیەیە لە ساڵی (٢٠١٧-٢٠١٨) ئەنجامدراوە. گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە تا ئێستا توێژینەوەی هاوشێوە لەم سنورەدا نەکراوە.

گرفتەکەش ئەوەیە، کە خوێندن لەو قوتابخانانە بە زمانی ئینگلیزییە، تاکو بزانرێت زمانی ئینگلیزی چەند کاریگەری لەسەر زمانی کوردی هەیە؟ توێژینەوەیەکی کارەکییە بەپێی ڕێبازی وەسفی شیکاری ئەنجام دراوە ، کە لە پێشەکی و دوو تەوەرو ئەنجام پێکهاتووەو لەکۆتایدا کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی نوسراوە، لەتەوەری یەکەمدا بەگشتی چەمکە بەکارهاتووەکانی ناو توێژینەوەکە پێناسە کراوەو ڕوونکراوەتەوە، لە تەوەری دووەمدا داتاو ڕادەی کاریگەرییەکە خراوەتەڕوو بۆ ئەوەی بزانرێ خوێندنی زمانی ئینگلیزی کاریگەری نەرێنی لەسەر زمانی دایک هەیە یاخود نا؟

## تەوەرەی یەکەم

### ناساندنی چەمکەکان

**زمان (اللغة، Language):**

زمان گرنگییەکی یەکجار زۆری لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا هەیەو پەیوەندییەکی بەتین بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە، چونکە بە برِوایەی چالاکییەکە لە خزمەت هاوبەشی کۆمەڵایەتی دایەو کۆمەڵ و بەیەکەوە ژیانیش فاکتەری پەیدا بوون و گەشەی زمانن. بە واتایی بوون و نەبوونی زمانیش بەندە بە بوونی کۆمەڵەوە، ئەگەر کۆمەڵ نەبێت قسەی پێ بکات کەواتە ئەو زمانە مردووە، لەبەرئەوەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ژیان ئەویش گۆڕانی بەسەردادێت بەشێوەیەک دەبینین چەندین وشەو زاراوەمان هەیە لای باوباپیرانمان بەکارهاتووە، ئێستا بەکارنایەت یان زۆر کەم لەژیانی ڕۆژانە بەکاردێت واتە بەپێی قۆناغەکانی ژیان وشە دەمرێت و وشەی تازە دێتە فەرهەنگی زمانەوە ئەمەش نیشانەی زیندوویەتی و بەردەوامی زمانە.(چۆڵی ئەسعەد جراد،٢٠١٣: ٧)

زمان بە یەکێک لە بناغە گرنگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و پێویستییەکانی ژیان دەژمێردرێت.( بێ بوونی زمان کۆمەڵی مرۆڤ نایەتە کایەوە، چونکە بێ زمان بەکارهێنان، هاریکاری و هەرەوەزی کە بەردی بناغەی کۆمەڵن پێک نایەت دیسان بێ زمان شارستانیەتیش بەردەوام نابێت، چونکە زمان تاکە ڕێگایە بۆ پاراستن و گەیاندنی کەلتورو زانیاری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.) (محمەد معروف فتاح،٢٠١١: ٩) بەو پێیەی زمان دیادەیەکی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییە، ڕوخساری جیاکەرەوەی هەموو کۆمەڵگایەکیشە لەهەموو چاخێک لە

(*) لێرەدا مەبەست لە زمانی دایک زمانی کوردییە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

چاخـەکانی مێژوودا دەناسـرێتەوە، زمـان ڕابـردووە بـە ئێسـتاو داهـاتوو دەبەسـتێتەوە.( ئـازاد ئەمین باخەوان ،٢٠١١:١٠) هەروەها بە بەهێزترین ئامرازی سەرەکی پەیوەندیکردن دادەنرێت لە نێوان تاکەکانی کۆمـەڵ ( زمـان هـۆی گەیاندنـەو پردێکە بۆ دوان لـە نێوان ئەنـدامانی کۆمەڵدا.) (فەرهاد تۆفیق حەسەن، ٢٠١٥:٩) سەرەڕای ئەوەی ئەرکی پەیوەندیکردن و دەربڕین یەکێکە لـە ئەرکە سەرەکییەکانی زمان، ڕێگایەکیشە بۆ گەشەپێدانی بیرو ڕۆشنبیری تاک و کۆمەڵگە. زمـان سیسـتمێکە لـە هێمـا دەنگییـەکان، کـەمرۆڤ بـەکاری دەهێنێـت بـۆ دەربڕینـی هەسـت و سـۆزو گەیاندنی بیر لە قسەکەرەوە بۆ گوێگر. (حـاتم صـالح،١٩٨٩:١٣٣) بـەو پێیـەی زمـانی قسـەکردنی هەرنەتەوەیەک خۆی لـەتوانای بنیادنـان و ڕێکخسـتنی دەنگەکان لـەزمانی درکاودا دەبینێتـەوە، زمـانیش بەشـێوەیەکی گشـتی پێکهـاتووە لەکۆمـەڵێک هێمـا و سیسـتەمی ناسـراو کەلەلایـەن کۆمەڵـەوە بـەکاردەهێنرێن بـۆ دەربـڕین و گوزارشـتکردن لـە پێداویسـتی و بیرەکانیـان ئـەمیش پێویستی بە نێرەرو وەرگر هەیە.

بـەم شـێوەیە زمـان سیسـتەمێکی هێمـای دانـراوە کۆمەڵـەی مرۆڤایـەتی بـەکاردەهێنن بـۆ پەیوەندیکردن لەنێوان خۆیاندا، بۆنموونە کەدەڵێین کەسێک دوو زمان دەزانێت، واتـا ئـەو کەسـە دوو سیسـتەمی هێمـای ڕێـک دەزانـێ، جگەلـەوەش دەتـوانێ لەگـەڵ هـەردوو کۆمەڵـە زمانییەکـە پەیوەندی بکات، هەریەکەیان خاوەنی سیستەمی زمانی تایبەتە. (سازان رضا معين، ٢٠١٥: ٤).

لەگــەڵ جیــاوازی بیروبۆچــوون و بوارەکــان و پســپۆڕییە جیاوازەکــانی بــواری زمانــدا پێناسـەکانی زمانیش جیاوازییان تێدەکەوێت، سـەرەڕای ئـەو هـەموو جیاوازییانـەش لـەناوەڕۆکی زۆربەی پێناسەکان بەنزیکی واتایەک دەبەخشن، کە لەخوارەوە دەیانخەینەڕوو:

زمـان: (سیسـتەمێکە لـە هێمـای دەنگی و ئاماژەیی و نوسـراو، کە خـاوەنی ئاسـتە جیاوازەکـانی وەک دەنگی و مۆڕفۆلۆجی سیمانتیکی، کەبەپێی یاسایەکی دیاریکراو ڕێکخراوە.) (سـازان رضـا معين، ٢٠١٥: ٤)

مارتنیت دەڵێت: ((زمان هۆیەکە بۆ لەیەکترگەیشتن، دەکرێت بەچەند دانەیەکی وردەوە (مۆڕفیم) کەهەریەکەیان خاوەنی واتاو فۆڕمن)) (محمەد معروف فتاح،٢٠١١:١١)

(مـۆریس) زمـان بـەوە پێناسـە دەکـات کـە (بریتییـە لـە کۆمـەڵێک پەیوەنـدی خـاوەن واتـای هاوبەش، کە هـەموو ئەندامـەکانی کۆمـەڵ دەتـوانن پێـی بـدوێن).(ئازاد ئـەمین باخـەوان ، ٢٠١١ : ١٥)

کارۆڵ دەڵێت: ((زمـان کۆمەڵە ڕەمزێکی دەنگی لە خۆوەیە کەدەتوانرێت بەکاربێت بـۆ لەیەکتر گەیشتن و پۆلکردنی ڕووداوەکانی دەروبەر)) (محمەد معروف فتاح،٢٠١١:١١)

(زمان هۆیەکی نا غەریزی تایبەت بە مرۆڤە و بۆ مەبەستی پێوەندیکردن و گواسـتنەوەی هـزرو هەسـت و ئـارەزوو بەکاردێت ،لەکۆمەڵە هێماییێک پێکهـاتووە و لەژێـر دەسـەڵاتی مـرۆڤ دایە) (ادوارد ساپیر:١٣٧٦: ٢٦)

کەواتـە دەتوانین بڵێین، کـە زمـان بریتییـە لەسیسـتەمێکی دەنگی و واتـایی، کـە دەنگـەکان لەڕێی ڕشتەی ئاخاوتنەوە دەدرکینرێن و لەلایـەن کۆمەڵـەوە واتـای لـەخۆوە وەردەگرن، لـەپێناو


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەجێگەیانـدنی گرنگتـرین ئـەرک، کـە ئـەویش بریتییـە لـە ڕاپەڕانـدنی کـردەی پەیوەنـدی و لەیەکگەیشتن لەنێوان مرۆڤەکاندا.

**زمانی دایک:** ( اللغة الأم، first language, mother tounge)

زمـانی دایـک بـە زمـانی نەتـەوە دادەنرێـت ، پێویسـتە لەسـەر نەتـەوەش بیپارێزێـت. هەوڵبـدات دەوڵەمەنـدو بـەهێزی بکـات، چونکـە زمـان گرنگتـرین ئـامرازی پاراسـتنی فەرهـەنگی نەتەوایەتییە، زمانی دایک بە یەکێک لە دیاردەکانی ناساندنی نەتەوە دەژمێردرێت. دەست بردن بۆ زمانی دایک یان شێواندنی دەبێتە هۆی شێواندنی ئێستاو داهاتووی نەتـەوە. زمـانی دایـک بـە دایکی هەموو زمانەکان دادەنرێت، کە مـرۆڤ قسـەی پێدەکات. ڤۆڵتێر دەڵێت: مـرۆڤ دەتوانێت بەکۆمەڵێک زمان قسە بکات لەچەند ساڵێکدا ، بەڵام زمانی دایک لەناویاندا پاراوترینە[(١)] .

زمانی دایک زمانی یەکەمی منداڵە لەو خێزانانەی، کە بەیەک زمان لەناو ماڵدا قسە دەکەن. واتە کۆی ئەندامانی خێزان ئەو زمانە بەکاردەهێنن.(Dorthe Buhmann, 2008 : 6)

مـرۆڤ کە لەدایـک دەبێـت هەوڵـدەدات پەیوەنـدییەکانی خـۆی لەگەڵ دەوروبەردا ڕێکبخـات، ئەم پەیوەندییەش سەرەتا بەهۆی گریانەوەیە، بەرەبەرە بەپێی قۆناغەکان زمانی دەپژێت بە زمانی دایک، کە ئەو زمانەیە منداڵ یەکەمجار لە خێزاندا وەریدەگرێت، (زمـانی یەکەم، زمـانی زگمـاک، زمـانی لەدایکبـوون، زمـانی خۆمـاڵی، زمـانی شـیری، زمـانی ڕەسـەن، زمـانی نەتـەوە، زمـانی خانەوادە)یشـی پـێ دەوترێـت، ئەم زاراوانە سـینۆنیمن، لە زانسـتی زمـانی دەروونیـدا بەکاردەهێنرێن بۆ فێربوونی ئەوزمانەی منداڵ سەرەتا لە خێزانەوە وەریدەگرێت، ئەویش دەبێت بە یەکێک لە قسـەپێکەرانی ڕەسـەنی زمـانەکە، زمـانی دایک لە زاراوەکانیتر گونجـاوترە، چـونکە دایک نزیکترین کەسە لە ساواوە.( **مهاباد** کامل عبدالله، ٢٠١٥: ١٧٦)

زمانی زگماکی ( دایکیی) زمانێکە کە لە دایک، بـاب و نزیکانـەوە فێـری بـووین، بـەگوێرەی لێکۆڵینەوەی توێژەران منداڵ لە کاتێکدا کە لـە سـکی دایکـی دایـە بـە زمـانی دایکـی ئاشـنا دەبێت. منـداڵ بـە تێپـەڕبوونی کـات و بیسـتنی هەمیشـەیی زمـانی دایکـی فێردەبێـت و دەسـتدەکات بـە دووبارە کردنەوەی و دواتر وردە وردە هەوڵی ڕێزکردنی ڕسـتەی کـورت دەدات و لـە ئاکامـدا دەست دەکات بەقسەکردن بە زمانی دایک.

لە ماوەیەکی کورت دا فێردەبێت تا بە زمانی دایکی خۆی هەستی دەروونیی و پێداویستییەکانی لەگەڵ دەوروبەری خۆی دەردەبڕێت بە زمانی دایکی پەیوەندی لە کۆمەڵگادا دادەمەرزێنی، هـەر بەم زمانە یاری دەکات، پێدەکەنێت، دەگری ....هتد.تـەنیا بـە زمـانی دایکییـەتی دەتوانێت دونیـایی

---

[(١)] أحمد الخطيب يحاضر، حول وسائل الإعلام المسموعة والمرئية في التنمية اللغوية، منتدى كلية الآداب والفنون، جامعة عمان الأهلية،٢٠١٠.http://alrai.com


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەوروبەری خۆی بناسێت و باسی لێوە بکات، قسەکردن بەزمانی دایکی دەتوانێت لە تەنیایی دەربازی بکات و خۆی سەربە نەتەوەیەکی دیار لە کۆمەڵگادا بزانێت، هەستی خۆشەویستی و دڵنیایی و بڕوا بەخۆبوونی تێدا پێدادەبێت[٢]منداڵ لە تەمەنی پێنج ساڵیدا لەسەدا هەشتای ئەو زانیارییانەی، کە لە ژیانیدا پێویستی پێیەتی لە ناو خێزان وبنەماڵەکەیدا فێری دەبێت، دواتر لە تەمەنی ٦ تا ٧ ساڵیدا، دەتوانین بڵێین زانیارییەکان لە قوتابخانە وەردەگرێت،چونکە قوتابخانە زۆر کاریگەری لە سەر دروست بوونی کەسایەتیی منداڵ هەیە و پردێکە لە نێوان خێزان و کۆمەڵگادا، بەواتای قوتابخانە تەواوکەری زانیارییەکانی منداڵ لە دوای خێزان، لەڕووی جەستەیی و ڕۆحییەوە پەروەردە و ئامادەی دەکات بۆ کار و ژیان لە کۆمەڵگادا.

لە ئێستادا ئەوەی دەمانەوێت ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە منداڵان، کە دەڕۆن بۆ قوتابخانە ئەویش بە دوو شێوەیە:

١- منداڵێک کە دەڕوات بۆ قوتانخانەی خوێندنی بە زمانی دایکە.
٢- منداڵێک کە دەڕوات بۆ قووتابخانەیەک، کە بە تەواویی لەگەڵ زمانی دایکی جیاوازی هەیە.

دەرکەوتووە خوێندن بە زمانی دووەم لە سەرەتاکانی تەمەندا بەتایبەتی پێش (١١) ساڵی کاریگەری خراپی بۆ سەر زمانی دایک هەیە، چونکە لە سەرەتا منداڵ، کە دەچێت بۆ قوتابخانە بۆ جاری یەکەمە لە خێزان و و نزیکانی خۆی دوور دەکەوێتەوە، هەست بە تەنیایی دەکات بەو هەستەوە دەڕواتە پۆلەوە. لەوکاتەدا ئەوەی منداڵ بە هاوپۆلەکانی و مامۆستاکەی دەبەستێتەوە زمانی دایکییەتی، وەک ئامرازێکی زۆر کاریگەرە لەو کاتە دەتوانێت باش لە مامۆستاکەی بگات شیکردنەوە بۆ پرسیاری مامۆستاکەی بکات و بەخێرایی وەڵامداتەوە بۆیە پسپۆران ئەوە دووپاتدەکەنەوە، کە خوێندن بە زمانی دووەم دوابخرێت بۆ تەمەنی دوای (١١) ساڵی لەپێناو پاراستنی زمانی دایکدا.

لێکۆڵەرەکان ئەوەیان دەرخستووە، کە خوێندن لە سەرەتادا بە زمانی دووەم کاریگەری خراپی لەسەر کەسایەتی منداڵا هەیەو بە پێچەوانەوە خوێندن بە زمانی دایک یارمەتی دەدات لە بنیاتنانی کەسایەتی و سەرکەوتنی خوێندندا. چۆمسکی ئەوە دووبارە دەکاتەوە، کە خوێندن بە زمانی دایک ئەنجامی باشی دەبێت لە ڕووی دەروونیو کۆمەلایەتیو پەروەردەییەوە، چونکە کەمتر ڕووبەڕووی تەنگەژەی ڕۆشنبیری دەبێتەوە، دەبێتە هۆی

[٢] سدیقە عەدالەتی، و. فاتیح ئارەش، ماڵپەری کوردپا "ئاژنسی هەواڵدەری کوردستان" ١٦-٢ -٢٠١٨
http://www.kurdpa.net/?id=7574&besh=dreje


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەهێزبوونی هەستکردن بە بەهای خۆیو هەستکردن بە شوناسی نەتەوەیی. ( مهاباد کامل عبدالله، ٢٠١٥: ١٧٧)

- **زمانی بیانی ( زمانی دووەم)، اللغة الأجنبية Foreign Language**

زمانی بیانی: ئەو زمانەیە کە کەسێک یان کۆمەڵگایەک زۆر بەکاریدەهێنێت بۆ پەیوەندییە گشتییەکان، بە تایبەتی لە بازرگانی و خوێندنی باڵاو کارگێڕیدا[٣].
زمانی بیانی: ئەو زمانەیە کە کەسێک ئەتوانێت قسەی پێبکات، بەڵام وەک ئەو زمانە یەکەمەی نییە کە بە شێوەیەکی خۆڕسکی لە منداڵیدا فێری بووە[٤].

یاخود ئەو زمانەیە، کە خوێندکار بەشێوەیەکی فەرمی بەهۆی بابەت و پڕۆگرامەکانی قوتابخانە فێری دەبێت. تەمەنی فێربوونی زمانی بیانیش بەپێی کۆمەڵگاو فەلسەفەی پەروەردەو بارودۆخی سیاسی جیاوازەو دەگۆڕێت. (معزوزن سمیر، ٢٠١٣: ١٢)

زمانێک یان چەند زمانێک دەگرێتەوە، کە منداڵ یان مرۆڤ بەگشتی دوای وەرگرتنی زمانی دایک فێری یان فێریان ببێت و بەکاریان بهێنێت، هەر لەبەر ئەوەشە پێی دەوترێت زمانی دووەم، چونکە وەرگرتن و فێربوونی دەکەوێتە دوای زمانی یەکەم. (عەدنان عەبدوڵلا عەبدولوەهاب، ٢٠١٥ : ٨٣) فێربوون و وەرگرتنی زمانی بیانی بەچەند شێوەیەک دەبێت دوای تەمەنی شەش ساڵی لەناو پۆلدا ئەویش لەڕێی بەکارهێنانی کۆمەڵێک هۆکاری ڕێکخراو و ئامادەکراو بۆ فێربوون وەک( مامۆستا، پۆل، پڕۆگرام، کات...هتد.)

یاخود کۆچکردنی خێزانی منداڵ لە وڵاتی خۆیەوە بۆ ئەو وڵاتەی، کە قسەکردن تێیدا بە زمانی بیانییە، وەکو کۆچکردنی خێزانە کوردەکان بۆ هەندەران، خوێندنیان بە زمانی بیانییە، یاخود هاندانی دایک و باوک بۆ فێربوونی زمانی بیانی، بەتایبەتی ئەو زمانانەی کە هەژموونی زانستی و ڕۆشنبیریان لەسەر جیهان و گەل و نەتەوەکانی ترەوە هەیە. هەرچەندە ئەوە هۆکارە بۆ فێربوونی زمانی بیانی، بەڵام کاریگەری لەسەر منداڵ دەبێت، بۆ ئەوەی باشتر خۆی لەگەڵ باردۆخی سروشتیدا بگونجێنێت تافێری یەکێک لەو زمانانە ببێت ئەگەر بۆی نەڕەخسا لەڕێگەی خوێندنی بەرنامە ڕێژەوە زمانی دووەم فێرببێت. هەندێ جار ئەو هاندان و پشتگیریکردنە لەلایەن دەوڵەتانەوە دەبێت بۆفێربوونی زمانی هەرگەل و نەتەوەو وڵاتێک پێویست و داواکراوبێت، بۆ مەبەستی ناسین و سیاسی و سیخوڕی....هتد. (عەدنان عەبدوڵلا عەبدولوەهاب، ٢٠١٥: ٨٤- ٨٥) . بەشێوەیەکی گشتی تاک زمانی دایک، کە فێردەبێت بەهۆی ئەو ژینگەی کە

(٣) http://www.dictionary.com/browse/second-language

(٤) https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/second-language


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لێوەی پەروەردە دەبێت و گەورە دەبێت، بەڵام زمانی بیانی بەهۆی بەشەوانەکانی، کە لە قوتابخانە وەریدەگرێت یان دەیخوێنێت فێردەبێت.

لەکۆی ئەو پێناسانەی سەرەوە دەگەینە ئەوەی، کە زمانی دووەم بریتییە لەو زمانەی تاک فێری دەبێت لەدوای فێربوونی زمانی دایک ئینجا بەهۆی پڕۆگرامەکانی خوێندنەوە بێت، کە لە قوتابخانە دەیخوێنێت یاخود لەدەرەوەی قوتابخانە بەپێی ئەو ژینگەی کە تاک کە لێی دەژیا.

بیرو بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر دیاریکردنی تەمەن بۆ خوێندنی زمانی بیانی، هەندێک پێیان وایە لە تەمەنی زوو بخوێندرێت باشە و زوتر زمانەکە وەردەگرێت و پاڵپشتی زمانی دایک دەکات، وا دەکات بەها زیرەکییەکانی زمانی دایک چەسپاوتر دەکات. هەندێکیش بە پێچەوانەوە پێیان وایە پێویستە منداڵ زمانی دایکی تەواو فێربێت ئینجا زمانی دووەم باشتر تێدەگات و فێردەبێت، چونکە پێیان وایە پەیوەنییەکی زۆر بەهێز لەنێوان تێگەیشتنی زمانی دایک و زمانی دووەم هەیە بەجۆرێک تێگەیشتن و تەواو فێربوونی زمانی دایک دەبێتە هۆی ئەوەی یارمەتی تاک بدات لە تێگەیشتن لەزمانی دووەم .(خالد بن عبدالعزيز الدامغ، ٢٠١١: ٤٤)

**چەمکی فێربوون (التعليم، Leaning):**

هەردووچەمکی فێربوون و فێرکردن لەژیانی مرۆڤدا بەگشتی و لەژیانی منداڵدا بەتایبەتی زۆرگرنگن، چونکە لەڕێگەیانەوە بونیادی کەسیەتی مرۆڤ دروست دەبێت بەباش یان بەخراپ، وەرگرتنی زمانیش بەشێکە لەو پێکهاتە کەسییە(عەدنان عەبدوڵڵا عەبدولوەهاب، ٢٠١٥: ٢٩). هەریەکێک لە ئێمە ڕۆژانە بەردەوام سەرقاڵی فێربونین، کەلێنێک لە ژیاندا نادۆزرێتەوە کە فێربوونی تێدا ڕوونەدات. فێربوون تەنیا لەناو قوتابخانە و فێرگەکاندا ڕوونادات، بەڵکو لە ناو ماڵ، شەقام، کارگەکان، شوێنە ئایینیەکان و هەروەها لە ڕاگەیاندنە جۆراوجۆرەکاندا و بە گشتی لە هەر شوێن و کاتێک دا ڕوودەدات. فێربوون هەڵگری سەرجەم ئەو شارەزایی، بیرۆکە، لایەنگری و زانیاریانەیە کە مرۆڤێک لە ماوەی ژیانیدا ئەزموونی دەکات.

تا ئێستا پێناسەگەلێکی زۆر و بەرفراوان لە فێربوون هاتۆتە ئاراوە. زۆربەی خەڵک و زۆرێک لە مامۆستایان لایان وایە فێربوون بریتیە لە: بەدەست هێنانی زانیاری یان کارامەییەکی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

تایبەت. هەندێک لە زانایانی بواری پەروەردەش لایان وایە فێربوون بریتیە لە: ڕاگواستنی چەند چەمک و واتایەک لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر[٥].

فێربوون بریتیە لە گۆڕانکاریکردن لەڕەفتار ئەویش لە ڕێگەی شارەزایی و ڕاهێنانەوە دەبێت و بەردەوامیش لەخۆی دەگرێت. واتا تاک لەهەوڵ و کۆششدا دەبێت تادەگاتە حەزو ئارەزوو ئامانجەکانی. (کەریم شەریف قەرەچەتانی، ٢٠٠٨ :١٧)

هیلگارد و مارکویزە پێیان وایە فێربوون: بریتیە لە پرۆسەیی گۆڕانکاری تا ڕادەیەک بەردەوام لە ڕەوشتی شاراوەی تاکدا، لەڕێگای ئەزموونەوە[٦].

ڕەوشتیەکان فێربوون بە پێک هاتنی گۆڕانکاری لە کردەوە بەرچاو و شیاوی هەڵسەنگاندنەکاندا پێناسە دەکەن[٧].

یان بریتییەلە چاکسازی و باش بوونی بەردەوامی ڕەفتار کەدەتوانرێت لە ڕێگەی سەرنج دانەوە ئەو چاکسازی باشبوونە هەستی پێبکرێت ئەویش بەهەست پێکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی لەئەنجامی فێربوونەوە ڕوودەدەن. (عەدنان عەبدوڵڵا عەبدولوەهاب، ٢٠١٥: ٣٠)

کەواتە فێربوون بریتییە لە گۆڕانکاری لە ڕەفتاری تاک. بێگومان ئەمەش پێویستی بەئامادەی تاک هەیە لە ڕووی هەستەکانی بیستن و بینین و بەتایبەت لەوەرگرتن یان فێربوونی زماندا، چونکە زمانیش پرۆسەیەکە منداڵ بەچەند قۆناغێک فێری دەبێت و تێیدا هەردوو هەستی بینین و بیستن دەوری سەرەکییان هەیە.

### قۆناغی بنەڕەتی( المرحلة الأساسية):

ئاسان نییە پێناسەیەکی جێگیر بۆ ئەم قۆناغە بکەین، چونکە ئەم قۆناغە پرۆگرامی خوێندنی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازی هەیە. (ISCED) دەڵێت: خوێندنی بنەڕەتی نۆ ساڵی سەرەتا لە خوێندنی قوتابخانە دەگرێتەوە، کە دوو ئاستی جیاواز لەخۆ دەگرێت، ئاستی یەکەم قۆناغی سەرەتایی دەگرێتەوە و ئاستی دووەم قۆناغی ناوەندییە، واتە ئاستی یەکەم

(٥) سیف، علی اکبر(١٣٧٩). ڕوانشناسی پرورشی. تهران: انتشارات اگاه.
http://kurdeducation.blogspot.com/2013/05/blog-post_9.html

(٦) سیف، علی اکبر(١٣٧٩). ڕوانشناسی پرورشی. تهران: انتشارات اگاه.
http://kurdeducation.blogspot.com/2013/05/blog-post_9.html

(٧) هەمان سەرچاوە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

شـەش سـاڵی یەکـەمی خوێنـدن و سـێ سـاڵی دووەمـیش قۆنـاغی ناوەنـدی دەگرێتـەوە. ئەمـە لەکاتێکدا، کە قۆناغی بنەڕەتی بۆ دوو قۆناغ دابەش ناکرێت .
(UNESCO OPERATIONAL DEFINITION OF BASIC EDUCATION, 2007:2)

**یاخود** مەبەست لەو قۆناغە خوێندنی سەرەتاییە، لەم قۆناغەدا خوێندکار پابەند دەکرێت بە خوێندنی ٩ ساڵ لە قوتابخانەدا، ماوەی خوێندن تێیدا لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە دەست پێدەکات تاکو پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، لە قوتابخانە حوکومییەکاندا لەبری خوێندن هیچ بڕە پارەیەک لە خوێندکار وەرناگیرێت. خوێندکار تەواوی زانست و زانیارییەکان لەسەر دەستی مامۆستا پسپۆڕەکان و لەژێر چاودێری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە وەردەگرێت یان دەخوێنێت. لەم قۆناغەدا توانا جیاوازەکانی خوێندکار دەردەخرێت وەک هاندانی خوێندکار بۆ چالاکییە وەرزشییەکان و ئەدەبییەکان و زانستییەکان، بەشداریکردن لە پێشبڕکێیەکان لەسەر ئاستی پارێزگاو هەرێم و دەوڵەت(٨).

کەواتە قۆناغی بنەڕەتی بریتییە لەنۆ ساڵ خوێندن، کە لە پۆلی یەکەمەوە دەست پێدەکات، تاکو پۆلی نۆ، ساڵانی پێشوو سیستەمی خوێندن بەوشێوەیە دابەش نەکرابوو، بە سێ قۆناغی وەک قۆناغی سەرەتایی شەش ساڵ و ناوەندی سێ ساڵ و ئامادەیی سێ ساڵ دیاریکرابوو.

## تەوەرەی دووەم
## دیایکردنی ڕادەی کاریگەری زمانی ئینگلیزی لەسەر زمانی دایك

لەسنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە (قەزای ڕانیە(*)) تەنها دوو قوتابخانەی ئینگلیزی ناحوکومی و یەک قوتابخانەی ئینگلیزی حکومی(*) بوونیان هەیە، لەو دوو قوتابخانەی کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجامدرا تەنیا سێ پۆلی خوێندنیان هەبوو ئەوانیش پۆلەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم)ی بنەڕەتی، ئەم ساڵ یەکەم ساڵی کردنەوەی ئەم دوو قۆتابخانەیە، واتە پۆلی دووەم و سێیەمیان پێشووتر لە قوتابخانەی کوردی بوون. لەکۆی بابەتەکانیان تەنها هەرسێ بابەتی (ئینگلیزی، زانست، بیرکاری)مان وەرگرت، ئەمیش بەهۆی ئەوەی ئەو سێ بابەتە سەرەکین و بەزمانی ئینگلیزی دەخوێندرێت. هەوڵدراوە لەهەرسێ پۆلەکە بۆ هەردوو قوتابخانەکە نیوەی خوێندکاران بۆ توێژینەوەکە وەربگیرێن ، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ژمارەی خوێندکاران

---

(٨) www.mawdoo3.com

(*) لەبەر ئەو بارودۆخەی لەسنوری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە بەگشتی و ئیدارەی ڕاپەڕین بەتایبەتی دەگوزەرێ دەوامی قوتابخانە حکومییەکان بەتایبەتی بنەڕەتییەکان داخراوە (بایکۆتکراوە) و دەوام ناکرێت، بۆیە ئێمە نەمانتوانی قوتابخانەی (فانی ئینگلیزی حکومی وەرگرین)، بۆیە بەناچاری هەروو (ق. فامی ئینگلیزی ناحوکومی و حاجیاوای ئینگلیزی ناحکومی)مان وەرگرت.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەپۆلێک بۆ پۆلێکی تر جیاوازە لەپۆلی یەکەم (٣٠) خوێندکارو پۆلی دووەم و سێیەم (١٨) خوێندکار وەرگیراوە، جگە لەمەش ژمارەی کچ و کوڕ وەک یەک وەرنەگیراون(**) وەک لە پاشکۆی ژمارە(١) دیارە.

تاقیکردنەوەکە ( ٥) وێنە بووە بۆ هەر وانەیەک وەک لە پاشکۆی ژمارە (٣) ئاماژەی بۆ کراوە. واتە وێنەکان لە کتێبەکانی ئینگلیزی و زانست و بیرکاری پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەم دەرهێنرابوون و پرسیار لەسەر وێنەکان لە خوێندکار کراوە. پێشتر ئەم وێنانە لەلایەن مامۆستای وانەکە ئاماژەی پێدراوە بە زمانی ئینگلیزی چیان پێدەوترێ و چین؟ چونکە خوێندنیان بە زمانی ئینگلیزییەو زمانی کوردی بەکارناهێندرێت ئێمەش بە هەمان شێوە لێمان پرسیونەتەوە، بەڵام ئێمە وەڵاممان بە زمانی کوردی و ئینگلیزی وەردەگرت وەک لە پاشکۆی ژمارە (٢) ئاماژەمان بە شێوازی وەڵامدانەوەکە کردووە. بۆ ئەوەی بزانین چەند وەڵام دەدەنەوە لەکۆی پرسیاری ئاڕاستەکراو؟ ئینجا ڕادەی کاریگەرییەکە دەستنیشان بکەین.

بەسەرنجدان لەخشتەو شێوەی ژمارە (١) بۆمان دەردەکەوێت کە هەرخوێندکارێک بۆ هەر وانەیەک لەسەر (٥) وێنەی پرسیاری ئاڕاستەکراوە بەزمانی کوردی و ئینگلیزی چی پێ دەوترێت؟ واتا بۆ هەروانەیەک (١٠) پرسیار و بۆ هەرسێ وانەکە (٣٠) پرسیار ئاڕاستەی یەک خوێندکارکراوە، کەواتە بۆ پۆلی یەکەم بۆ یەک وانە (٣٠٠) پرسیارو بۆ هەرسێ وانەکە (٩٠٠) پرسیار بۆهەردوو پۆلی دووەم و سێیەمیش بۆ یەک وانە (٣٦٠) پرسیار بۆ هەرسێک وانەکە(١٠٨٠) پرسیار ئاڕاستەکراوە. بەمەش دەردەکەوێت لەکۆی پرسیاری ئاڕاستەکراو بۆ خوێندکاران لە هەردوو قوتابخانە بۆ یەک وانە (٦٦٠) پرسیار و بۆ هەرسێ وانەکە(١٩٨٠) پرسیار بووە. سەرنجی خشتە و شێوەی ژمارە (١) بدە.

خشتەی ژمارە (١)

ژمارەی خوێندکارو پرسیاری ئاڕاستەکراو بۆ هەردوو قوتابخانە و لەهەرسێ وانەکە


| پۆل | ژمارەی خوێندکاری وەرگیراو | ژمارەی پرسیاری ئاڕاستەکراو بۆ یەک بابەت | ژمارەی پرسیاری ئاڕاستەکراو بۆ هەرسێ بابەتەکە |
|---|---|---|---|
| یەکەم | ٣٠ | ٣٠٠ | ٩٠٠ |
| دووەم | ١٨ | ١٨٠ | ٥٤٠ |
| سێیەم | ١٨ | ١٨٠ | ٥٤٠ |
| سەرجەم | ٦٦ | ٦٦٠ | ١٩٨٠ |

سەرچاوە/کاری توێژەر: پشت بەست بەبەرنامەی Spss v.17 و (Keith McCormick and Jesus Salcedo with Aarin poh, 2015: 23-98)

(**)چونکە لەهەندێک پۆلدا کوڕ یان کچ زۆرتر بوون لەبەرئەوە لێرەدا جیاوازی ڕێژەی وەڵام لە نێوان کچ و کوڕ دەرنەخراوە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

شێوەی ژمارە (١)




بۆ وەڵامی زانراو لەکۆی پێنج پرسیاری ئاڕاستەکراو بۆ هەرسێ بابەتی وەرگیراو لە پۆلی یەکەم بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی جیاوازی زۆر دەبینرێت ، دەرکەوتووە ئەو خوێندکارانەی کە وەڵامی بابەتی ئینگلیزییان بەزمانی کوردی داوەتەوە تەنیا ١٥ خوێندکار لەکۆی ٣٠ خوێندکار توانیویانە (١٠٠%) وەڵامەکان بزانن، ئەو خوێندکارانەی وەڵامە ڕاستەکانیان زانیوە بەڕێژەی (٥٠%) بووە، بەڵام بۆ هەمان بابەت پرسیاری ئاڕاستەکراو بەزمانی ئینگلیزی ژمارەو ڕێژەکە جیاواز بووە بەجۆرێک ٢٠ خوێندکار توانیویەتی وەڵامی (١٠٠%) ڕاست بداتەوە کە دەکاتە ڕێژەی (٦٦.٧%) . واتە نیوەی خوێندکارانی وەرگیراو هەموو پرسیارەکانیان بەکوردی وەڵامداوەتەوە، بەڵام نیوە زیاتر وەڵامی هەموو پرسیارەکانی بەزمانی ئینگلیزی داوەتەوە. هەروەها ١خوێندکار هیچ وەڵامێکی لەو پرسیارانەی بەزمانی کوردی لە بابەتی ئینگلیزی ئاڕاستەکراوە نەزانیووە. ئەمە لەکاتێکدایە هیچ خوێندکارێک لەو پرسیارانەی بەزمانی ئینگلیزی بۆ بابەتی ئینگلیزی ئاڕاستەی کراوە لە ٣ کەمتریان نەهێناوە، ئەمەش تەنها ٣ خوێندکاربووە بەڕێژەی (١٠%)، کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت وەڵامدانەوەی خوێندکاران بە زمانی ئینگلیزی زیاترو باشتربووە لە زمانی کوردی.

لەبابەتی زانستدا ئەو خوێندکارانەی وەڵامی پرسیاری ئاڕاستەکراویان داوەتەوە بەزمانی کوردی جیاوازبووە بەجۆرێک ٣ خوێندکار کە دەکاتە ڕێژەی (١٠%) تەنها ٢ دوو وەڵامیان زانیوە، ئەمە لەکاتێکدایە هیچ خوێندکارێک هەمان نمرەی لەپرسیاری ئاڕاستەکراو بەزمانی ئینگلیزی بۆ بابەتی زانست نەهێناوە. هەورەها کاتێک پرسیاریان بەزمانی کوردی ئاڕاستەکراوە، ١٠ خوێندکار ٤ نمرە و ١٥ خوێندکار ٥ نمرەیان هێناوە کە دەکاتە ڕێژەی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(٨٣.٣%) ، بەڵام وەڵامی زانراو بۆ پرسیاری ئاڕاستەکراو بەزمانی ئینگلیزی ١٤ خوێندکار ٤ نمرەو ١٤ خوێندکار ٥ نمرەبووە واتا بەڕێژەی زیاتر لە (٩٣%)، ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە ئەو خوێندکارانەی بەزمانی ئینگلیزی وەڵامی بابەتی زانستیان داوەتەوە لە(١٠%) ڕێژەکەی لەهەمان پۆل بۆ وەڵامی بابەتی زانست بەزمانی کوردی زیاتربووە. لێرەشدا دەردەکەوێت وەڵامدانەوەی خوێندکاران بە زمانی ئینگلیزی زیاترو باشتربووە لە زمانی کوردی.

وەڵامی زانراو لەکۆی ٥ پرسیاری ئاڕاستەکراو بۆ بابەتی بیرکاری لە بابەتەکانی تر جیاوازترە، بەجۆرێک لەکاتی پرسیاری ئاڕاستەکراوە بەزمانی کوردی ١٢ خوێندکار کە دەکاتە ڕێژەی (٤٠%) کەمتر لە ٣ وەڵامیان ڕاست بووە. تەنیا ٣ خوێندکار کە دەکاتە ڕێژەی (١٠%) توانیویەتی هەر ٥ وەڵامەکە بزانێت ، بەڵام پرسیاری ئاڕاستەکراو بەزمانی ئینگلیزی کەمترین وەڵام ٣ بووە ، ٢٥ خوێندکار لەکۆی ٣٠ خوێندکار کە دەکاتە ڕێژەی زیاتر (٨٣%) توانیویەتی هەر ٥ پرسیارەکە بزانێت و وەڵامیان بداتەوە. ئەمەش جیاوازییەکە بەرزدەکاتەوە بۆ (٧٣%) لەنێوان ئەو خوێندکارانەی کە بەزمانی ئینگلیزی و کوردی وەڵامی پرسیارەکانی بابەتی بیرکارییان داوەتەوە. سەرنج بدە لە خشتە و شێوەی ژمارە (٢).

جیاوازی لەوەڵامەکانی وانەی بیرکاری دا جیا لە بابەتەکانی تر، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چەمکانەی لە بیرکاری دەیخوێنن کەمتر لە ژیانی ڕۆژانە دەیبیستن وتەنیا لەناو پۆل و لەو دەرسەدا زۆر دووبارە دەبێتەوە، کەبە زمانی ئینگلیزییە وەک (لێکدان، دابەش، کۆ، کەم...هتد) لێرەدا کاریگەرییەکە زۆر زیاترە وەک لە بابەتەکانی وەک ئینگلیزی و زانست، چونکە ئەو ناو و چەمکانەی لەوێ بە ئینگلیزی دەیخوێنێت ، لە ژیانی ڕۆژانە ئینجا لەناو خێزان یان دەرەوەی خێزان بەکوردی گوێبیستییان دەبێت.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

خشتەی ژمارە (٢)


وەڵامی زانراو لەكۆی ٥ پرسیاری ئاڕاستەكراو بۆ هەرسێ بابەتی وەرگیراو لە پۆلی یەكەم

| | وەڵامی زانراو لەكۆی ٥ پرسیاری ئاڕاستەكراو بۆ بابەتی ئینگلیزی | | | | وەڵامی زانراو لەكۆی ٥ پرسیاری ئاڕاستەكراو بۆ بابەتی زانست | | | | وەڵامی زانراو لەكۆی ٥ پرسیاری ئاڕاستەكراو بۆ بابەتی بیركاری | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژ. وەڵام | بەكوردی | ڕێژە (%) | بەئینگلیزی | ڕێژە (%) | بەكوردی | ڕێژە (%) | بەئینگلیزی | ڕێژە (%) | بەكوردی | ڕێژە (%) | بەئینگلیزی | ڕێژە (%) |
| ٠ | ١ | ٣.٣ | | ٠ | | ٠ | | ٠ | ١ | ٣.٣ | | ٠ |
| ١ | | ٠ | | ٠ | | ٠ | | ٠ | ٣ | ١٠ | | ٠ |
| ٢ | ١ | ٣.٣ | | ٠ | ٣ | ١٠ | | ٠ | ٨ | ٢٦.٧ | | ٠ |
| ٣ | ٣ | ١٠ | ٣ | ١٠ | ٢ | ٦.٧ | ٢ | ٦.٧ | ٩ | ٣٠ | ٢ | ٦.٧ |
| ٤ | ١٠ | ٣٣.٣ | ٧ | ٢٣.٣ | ١٠ | ٣٣.٣ | ١٤ | ٤٦.٧ | ٦ | ٢٠ | ٣ | ١٠ |
| ٥ | ١٥ | ٥٠ | ٢٠ | ٦٦.٧ | ١٥ | ٥٠ | ١٤ | ٤٦.٧ | ٣ | ١٠ | ٢٥ | ٨٣.٣ |
| كۆ | ٣٠ | %١٠٠ | ٣٠ | %١٠٠ | ٣٠ | %١٠٠ | ٣٠ | %١٠٠ | ٣٠ | %١٠٠ | ٣٠ | %١٠٠ |

سەرچاوە/ كاری توێژەر: پشت بەست بەبەرنامەی Spss v.17 و (Keith McCormick and Jesus Salcedo with Aarin poh, 2015: 23-98).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

شێوەی ژمارە (٢)
وەڵامی زانراو لەکۆی ٥ پرسیاری ئاڕاستەکراو بۆ هەرسێ بابەتی وەرگیراو لە پۆلی یەکەم




سەرچاوە/ کاری توێژەر: پشت بەست بە خشتەی ژمارە (٢)

**٢-پۆلی دووەم**

لەکۆی پێنج پرسیاری ئاڕاستەکراو بۆ هەرسێ بابەتی وەرگیراو لە پۆلی دووەم بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی، دەرکەوتووە ئەو خوێندکارانەی کە وەڵامی بابەتی ئینگلیزییان بەزمانی کوردی وەڵامداوەتەوە ١٥ خوێندکار لەکۆی ١٨ خوێندکار توانیویانە هەرپێنج پرسیارەکە بەڕێژەی (١٠٠%) وەڵامەکان بزانن، هەروەها هیچ خوێندکارێک لە ٤ پرسیار کەمتری نەزانیوە، بەڵام بۆ هەمان بابەت پرسیاری ئاڕاستەکراو بەزمانی ئینگلیزی ژمارەو ڕێژەکە جیاواز بووە بەجۆرێک تەنها ٩ خوێندکار کە دەکاتە ڕێژەی (٥٠%) توانیویەتی وەڵامی (١٠٠%) ڕاست بداتەوە. کەمترین وەڵام بەزمانی ئینگلیزی بۆ بابەتی ئینگلیزی( ٣) وەڵام بووە، بەڵام وەڵامەکان بەزمانی کوردی زۆر بووە بەجۆرێک تەنها ٣ خوێندکار کە دەکاتە ڕێژەی(١٦%) ٤ وەڵامیان ڕاست بووە ، ئەمەلەکاتێکدایەبە زمانی ئینگلیزی ٩ خوێندکار کە دەکاتە ڕێژەی (٥٠%) ٣ و ٤ وەڵامیان ڕاست بووە.

لێرەدا کاریگەری نەبووە، بەجۆرێک وەڵامەکان بەکوردی زۆر زیاتر بووە بەبەراورد بە وەڵامی ئینگلیزی.

لەبابەتی زانستدا داتای جیاواز دەبینین سەبارەت بەوەڵامی پرسیارەکان بەهەردوو زمان، ئەو خوێندکارانەی وەڵامی پرسیاری ئاڕاستەکراویان بەزمانی کوردی داوەتەوە جیاوازبووە بەجۆرێک ١٠ خوێندکار کە دەکاتە ڕێژەی زیاتر لە (٥٥%) پێنج وەڵامیان زانیوە، واتە هەموویان زانیوە، بەڵام ١٤ خوێندکار کە دەکاتە ڕێژەی زیاتر لە(٧٧%) لەکۆی ١٨ خوێندکاری وەرگیراو هەمان پرسیاریان بەزمانی ئینگلیزی زانیوە. کەمترین وەڵامی زانراو بەزمانی کوردی تەنیا ٢ پرسیاری زانیوە لەکۆی ئەو پێنج پرسیارەی ئاڕاستەی کراوە، ئەمە لەکاتێکدایە کەمترین وەڵامی زانراو بەزمانی ئینگلیزی ٤ بووە کە ژمارەیان ٤ خوێندکاربووە کە دەکاتە ڕێژەی (٢٢.٢%). لێرەدا دەردەکەوێت وەڵامدانەوەیان بە زمانی ئینگلیزی زۆر باشتر بووە لە زمانی کوردی.

هەرچی وەڵامی زانراو لەکۆی ٥ پرسیاری ئاڕاستەکراو بۆ بابەتی بیرکاری لە بابەتەکانی تر جیاوازترە، بەجۆرێک لەکۆی ئەو پرسیارانەی بەزمانی کوردی لە بابەتی بیرکاری ئاڕاستەی کراوە هیچ خوێندکارێک نەیتوانیوە هەرپێج پرسیارەکە بەزمانی کوردی وەڵام بداتەوە، ئەمە لەکاتێکدایە ٢ خوێندکار کە دەکاتە ڕێژەی (١١.١%) لەکۆی ١٨ خوێندکاری وەرگیراو بە زمانی ئینگلیزی وەڵامی پرسیارەکانیان (١٠٠%) ڕاست بووە، هەروەها تەنها ٥ خوێندکار کە دەکاتە ڕێژەی (٢٧%) توانیویەتی ٣ پرسیار بەرەوژوور وەڵام بداتەوە. لەهەمان بابەت بەزمانی ئینگلیزی ٨ خوێندکار کە دەکاتە ڕێژەی زیاتر لە(٤٤%) توانیویەتی ٣ پرسیار بەرەوژوور وەڵام بداتەوە. سەرنج بدە لە خشتە و شێوەی ژمارە (٣). لێرەش دەردەکەوێت وەڵامەکان بەزمانی ئینگلیزی زیاتر بووە لە وەڵامی کوردی.

خشتەی ژمارە (٣)

وەڵامی زانراو لەکۆی ٥ پرسیاری ئاڕاستەکراو بۆ هەرسێ بابەتی وەرگیراو لە پۆلی دووەم


| ژ. وەڵام | وەڵامی زانراو لەکۆی ٥ پرسیاری ئاڕاستەکراو بۆ بابەتی ئینگلیزی | | | | وەڵامی زانراو لەکۆی ٥ پرسیاری ئاڕاستەکراو بۆ بابەتی زانست | | | | وەڵامی زانراو لەکۆی ٥ پرسیاری ئاڕاستەکراو بۆ بابەتی بیرکاری | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەکوردی | ڕێژە (%) | بەئینگلیزی | ڕێژە (%) | بەکوردی | ڕێژە (%) | بەئینگلیزی | ڕێژە (%) | بەکوردی | ڕێژە (%) | بەئینگلیزی | ڕێژە (%) |
| ٠ | -- | ٠ | -- | ٠ | -- | ٠ | -- | ٠ | -- | ٠ | -- | ٠ |
| ١ | -- | ٠ | -- | ٠ | -- | ٠ | -- | ٠ | ٧ | ٣٨.٩ | ٢ | ١١.١ |
| ٢ | -- | ٠ | -- | ٠ | ١ | ٥.٥ | -- | ٠ | ٦ | ٣٣.٣ | ٨ | ٤٤.٥ |
| ٣ | -- | ٠ | ٤ | ٢٢.٢ | ٢ | ١١.١ | -- | ٠ | ٤ | ٢٢.٢ | ٢ | ١١.١ |
| ٤ | ٣ | ١٦.٧ | ٥ | ٢٧.٨ | ٥ | ٢٧.٨ | ٤ | ٢٢.٢ | ١ | ٥.٦ | ٤ | ٢٢.٢ |
| ٥ | ١٥ | ٨٣.٣ | ٩ | ٥٠ | ١٠ | ٥٥.٦ | ١٤ | ٧٧.٨ | -- | ٠ | ٢ | ١١.١ |
| کۆ | ١٨ | %١٠٠ | ١٨ | %١٠٠ | ١٨ | %١٠٠ | ٣٠ | %١٠٠ | ١٨ | %١٠٠ | ١٨ | %١٠٠ |

سەرچاوە/ کاری توێژەر: پشت بەست بەبەرنامەی Spss v.17 و (Keith McCormick and Jesus Salcedo with Aarin poh, 2015: 23-98)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

شێوەی ژمارە (٣)

وەڵامی زانراو لەکۆی ٥ پرسیاری ئاڕاستەکراو بۆ هەرسێ بابەتی وەرگیراو لە پۆلی دووەم





e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**٣- پۆلی سێیەم**

بەسەرنجدان لە خشتەو شێوەی ژمارە (٤) داتای جیاواز دەبینرێت، بەجۆرێک لەکۆی پێنج پرسیاری ئاڕاستەکراو بۆ هەرسێ بابەتی وەرگیراو لە پۆلی سێیەم بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی، دەرکەوتووە ئەو خوێندکارانەی کە وەڵامی بابەتی ئینگلیزییان بەزمانی کوردی داوەتەوە ١٥ خوێندکار کە دەکاتە ڕێژەی (٨٣.٣%) لەکۆی ١٨ خوێندکار توانیویانە هەرپێنج پرسیارەکە بەڕێژەی (١٠٠%) وەڵامەکان بزانن، کەمترین وەڵام بە زمانی کوردی ٤ بووە، بەڵام بۆ هەمان بابەت پرسیاری ئاڕاستەکراو بەزمانی ئینگلیزی ژمارەو ڕێژەکە جیاواز بووە بەجۆرێک تەنها ١١ خوێندکار کە دەکاتە ڕێژەی (٦١.١%) توانیویەتی وەڵامی (١٠٠%) ڕاست بداتەوە. هەروەها کەمترین وەڵام بە زمانی ئینگلیزی ١ بووە، لێرەدا وەوڵامەکان بە زمانی کوردی لە زمانی ئینگلیزی زۆر زیاتر بووە.

لەبابەتی زانستدا ئەو خوێندکارانەی وەڵامی پرسیاری ئاڕاستەکراویان داوەتەوە بەزمانی کوردی جیاوازبووە بەجۆرێک ١٥خوێندکار کە دەکاتە ڕێژەی (٨٣.٣%) لەکۆی ١٨ خوێندکار توانیویانە وەڵامی پرسیاری ئاڕاستەکراو (١٠٠%) بدەنەوە، بەڵام بۆهەمان بابەت بەزمانی ئینگلیزی تەنها ٩ خوێندکار کە دەکاتە ڕێژەی (٥٠%) توانیویانە وەڵامی (١٠٠%) ڕاست بدەنەوە، کەمترین وەڵام بە هەردوو زمان ٢ بووە، بەجۆرێک کەمترین وەڵام بە زمانی کوردی ١ خوێندکار بووە، کەمترین وەڵام بە زمانی ئینگلیزی٢ خوێندکار بووە. هەورەها ئەو خوێندکارانەی کە لە سێ وەڵام زیاتریان زانیوە لەو پرسیارانەی بەهەردوو زمان ئاڕاستەیان کراوە ١٧ وەڵامی زانراو بەکوردی و ١٦ وەڵامی زانراو بە ئینگلیزی بووە.
لێرەدا وەوڵامەکان بە زمانی کوردی زیاتر بووە لە زمانی ئینگلیزی.

وەڵامی زانراو لەکۆی ٥ پرسیاری ئاڕاستەکراو بۆ بابەتی بیرکاری بەشێوەیەک ئەو خوێندکارانەی وەڵامی پرسیاری ئاڕاستەکراویان بەزمانی کوردی داوەتەوە ٤خوێندکار کە دەکاتە ڕێژەی (٢٢.٢.%) لەکۆی ١٨ خوێندکار توانیویانە وەڵامی پرسیاری ئاڕاستەکراو (١٠٠%) بدەنەوە، بەڵام بە زمانی ئینگلیزی ٥ خوێندکار کە دەکاتە ڕێژەی (٢٧.٨%) توانیویانە وەڵامی (١٠٠%) ڕاست بدەنەوە، ئەمە لەکاتێکدایە ئەو خوێندکارانەی لە ٣ پرسیار کەمتریان ڕاستبووە لەو پرسیارانەی بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی ئاڕاستەیان کراوە ٣ خوێندکاربووە. لێرەدا بە ڕێژەیەکی کەم وەڵامی ئینگلیزی زیاتر بووە لە زمانی کوردی.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

خشتەی ژمارە (٤)

وەڵامی زانراو لەکۆی ٥ پرسیاری ئاڕاستەکراو بۆ هەرسی بابەتی وەرگێراو لە پۆلی سێیەم

| ژ. وەڵام | وەڵامی زانراو لەکۆی ٥ پرسیاری ئاڕاستەکراو بۆ بابەتی ئینگلیزی | | | | وەڵامی زانراو لەکۆی ٥ پرسیاری ئاڕاستەکراو بۆ بابەتی زانست | | | | وەڵامی زانراو لەکۆی ٥ پرسیاری ئاڕاستەکراو بۆ بابەتی بیرکاری | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەکوردی | ڕێژە (%) | بەئینگلیزی | ڕێژە (%) | بەکوردی | ڕێژە (%) | بەئینگلیزی | ڕێژە (%) | بەکوردی | ڕێژە (%) | بەئینگلیزی | ڕێژە (%) |
| ٠ | | ٠ | | | | ٠ | | ٠ | | ٠ | | ٠ |
| ١ | | ٠ | ١ | ٥.٥ | | ٠ | | ٠ | | ٠ | ١ | ٥.٥ |
| ٢ | | ٠ | ١ | ٥.٥ | ١ | ٥.٥ | ٢ | ١١.١ | ٣ | ١٦.٧ | ٢ | ١١.١ |
| ٣ | | ٠ | ٣ | ١٦.٧ | ١ | ٥.٥ | ٣ | ١٦.٧ | ٤ | ٢٢.٢ | ٥ | ٢٧.٨ |
| ٤ | ٣ | ١٦.٧ | ٢ | ١١.١ | ١ | ٥.٥ | ٤ | ٢٢.٢ | ٥ | ٢٧.٨ | ٤ | ٢٢.٢ |
| ٥ | ١٥ | ٨٣.٣ | ١١ | ٦١.١ | ١٥ | ٨٣.٣٣ | ٩ | ٥٠ | ٦ | ٣٣.٣ | ٦ | ٣٣.٣ |
| کۆ | ١٨ | %١٠٠ | ١٨ | %١٠٠ | ١٨ | %١٠٠ | ٣٠ | %١٠٠ | ١٨ | %١٠٠ | ١٨ | %١٠٠ |

سەرچاوە/ کاری توێژەر: پشت بەست بەبەرنامەی Spss v.17 و (Keith McCormick and Jesus Salcedo with Aarin poh, 2015: 23-98)




شێوەی ژمارە (٤)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**بەرزترین و نزمترین وەڵام لەکۆی پرسیاری ئاڕاستەکراو بۆ هەرسێ بابەتەکە لەهەرسێ پۆلەکە:**

بەسەرنجدان لە خشتەو شێوەی ژمارە(٥) بۆمان ڕووندەبێتەوە کە جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لە نێوان بەرزترین و نزمترین وەڵام لە کۆی پرسیاری ئاڕاستەکراو بەهەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی هەیە، ئەوەی جێگەی سەرنجە هەموو بەرزترین وەڵامەکان لەهەرسێ پۆلەکە و بۆ هەرسێ بابەتەکە بەهەردوو زمان (٥) وەڵام لەکۆی (٥) پرسیاری ئاڕاستەکراو بووە، تەنها بیرکاری پۆلی دووەم بەرزترین وەڵام بۆ پرسیاری ئاڕاستەکراو بەزمانی کوردی (٤)بووە، بەڵام بەپێچەوانەوە جیاوازییەکی بەرچاو لە نزمترین وەڵامی وەرگیراو لەکۆی پرسیاری ئاڕاستەکراو هەیە بەهەردوو زمان هەیە، بەجۆرێک لەپۆلی یەکەم بابەتی ئینگلیزی و بیرکاری نزمترین وەڵام بەزمانی کوردی (٠) بووە، هەروەها تێکڕایی بابەتەکان بەیەکەوە (٠.٦٦) بووە، بەڵام تێکڕایی نزمترین وەڵامی وەرگیراو بەزمانی ئینگلیزی (٣) بووە، واتا جیاوازییەکەی لەپۆلی یەکەم (٢.٣٤) وەڵام بووە. هەروەها لەپۆلی دووەم نزمترین وەڵامی وەرگیراو بەهەردوو زمان لەیەکتر نزیکن، بەجۆرێک تێکڕایی نزمترین وەڵامی وەرگیراو لەکۆی پرسیاری ئاڕاسەکراو (٢.٣٣) بەزمانی کوردی و (٢.٦٦) بەزمانی ئینگلیزی بووە. لەپۆلی سێیەمدا جیاوازییەکە بەبەراورد بە پۆلی یەکەم و دووەم مامناوەندی دەبێت، بەجۆرێک تێکڕای نزمترین ناوەندی وەڵامی وەرگیراو بەزمانی کوردی بۆ هەرسێ بابەتەکە (١.٦٦) ئەمە لەکاتێکدایە بەزمانی ئینگلیزی (٢.٣٣) بوو واتا بەجیاوازی (٠.٦٧).

**خشتەی ژمارە (٥)**

**بەرزترین و نزمترین و ناوەندی وەڵام لەکۆی پرسیاری ئاڕاستەکراو بۆ هەرسێ بابەتەکە لەهەرسێ پۆلەکە**

| بابەت | پۆلی یەکەم | | | | | | پۆلی دووەم | | | | | | پۆلی سێیەم | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نزمترین | | | بەرزترین | | | نزمترین | | | بەرزترین | | | نزمترین | | | بەرزترین | | |
| | ک | E | ن | ک | E | ن | ک | E | ن | ک | E | ن | ک | E | ن | ک | E | ن |
| ئینگلیزی | ٠ | ٣ | ١.٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٤ | ٣ | ٣.٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ١ | ٤ | ٢.٥ | ٥ | ٥ | ٥ |
| زانست | ٢ | ٣ | ٢.٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٢ | ٤ | ٣ | ٥ | ٥ | ٥ | ٢ | ١ | ١.٥ | ٥ | ٥ | ٥ |
| بیرکاری | ٠ | ٣ | ١.٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ١ | ١ | ١ | ٤ | ٥ | ٤.٥ | ٢ | ٢ | ٢ | ٥ | ٥ | ٥ |



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٥ | ٥ | | ٢.٣٣ | ١.٦٦ | | ٥ | ٤.٦٦ | | ٢.٦٦ | ٢.٣٣ | | ٥ | ٥ | | ٣ | ٠.٦٦ | ناوەند |

سەرچاوە/ کاری توێژەر: پشت بەست بەبەرنامەی Spss v.17 و (Sabine Landau and Brian S.Everitt, 2004: 13-37)

شێوەی ژمارە (٥)

ناوەندی پرسیاری زانراو لەهەرسێ بابەتەکە بۆ هەرسێ پۆلەکە




ئەنجام

١- لەبەرئەوەی زمانی ئینگلیزی زمانێکی بڵاوە ، لە زۆربەی بوارەکانی ژیانی ڕۆژانە بەکاریدەهێنین، بمانەوێت یان نا کاریگەری لەسەر زمان کوردی دەبێت ، ئینجا هەندێکجار کاریگەرییەکە پۆزەتیڤە و فەرهەنگی زمانی پێ دەوڵەمەند دەکرێت، هەندێکجاریش کاریگەرییەکەی بۆ فەرهەنگ نێگەتیفە دەبێت لەبەر زۆر بەکارهێنانی.

٢- لەئەنجامی شیکردنەوەکەی تەوەری دووەم کاریگەری زمانی ئینگلیزی لەسەر زمانی کوردی لەپۆلی یەکەمدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو دەبینرێت، لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ، کە داخڵی قوتابخانە بوونە خوێندنیان بە زمانی ئینگلیزی بووە.

٣- کاریگەری زمانی ئینگلیزی لەسەر زمانی کوردی لە پۆلی دووەم و سێیەم کەمتر دەبینرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە پۆلی دوو سێیەکان لە قوتابخانەی کوردییەوە هاتوون، واتە پۆلی دووەکان پۆلی یەکەمیان لە قوتابخانەی کوردی خوێندووە، پۆلی سێیەکانیش دووساڵی پێشوتر لە قوتابخانەی کوردی بوون بۆیە کاریگەرییەکە زۆر کەمتر دەبینرێت .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٤- کاریگەری زمانی ئینگلیزی لەسەر زمانی کوردی بۆ بابەتی بیرکاری لە هەرسێک پۆل بەڕێژەیەکی زۆر دەرکەوت بەهۆی ئەوەی ئەو چەمکانەی لە بیرکاری دەیخوێنن کەمتر لە ژیانی ڕۆژانە دەیبیستن وتەنیا لەناو پۆل و لەو دەرسەدا زۆر دووبارە دەبێتەوە، کەبە زمانی ئینگلیزییە وەک (لێکدان، دابەش، کۆ، کەم...هتد) بەپێچەوانەی بابەتەکانی وەک زانست وئینگلیزی ، چونکە ئەو ناو و چەمکانەی لەوێ بە ئینگلیزی دەیخوێنێت ، لە ژیانی ڕۆژانە بەکوردی گوێبیستییان دەبێت، ئینجا لەناو خێزان یان دەرەوەی خێزان بێت.

پاشکۆی ژمارە (١)

ژمارەی وەڵامی پرسیاری ئاڕاستەکراو بەهەردوو زمانی دایک و ئینگلیزی بۆ هەرسێ بابەت و پۆلەکە

| | | | پـــــۆلـــــی یــــەکـــــەم | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ئینگلیزی | | زانست | | بیرکاری | |
| ژ | ناو | ڕەگەز | چەمک | | چەمک | | چەمک | |
| | | | کوردی | E | کوردی | E | کوردی | E |
| ١ | ڕانیە هیوا | کچ | ٤ | ٥ | ٥ | ٥ | ١ | ٥ |
| ٢ | دیلیا دیاری | کچ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ١ | ٥ |
| ٣ | میلا مامەند | کچ | ٣ | ٣ | ٢ | ٥ | ٤ | ٥ |
| ٤ | موئەید محمد | کوڕ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٥ | ٥ |
| ٥ | برەو فایەق | کوڕ | ٤ | ٥ | ٥ | ٥ | ٣ | ٤ |
| ٦ | یارا ڕێبوار | کچ | ٠ | ٣ | ٤ | ٤ | ٠ | ٥ |
| ٧ | ئیلیا مەهدی | کچ | ٢ | ٥ | ٤ | ٤ | ٣ | ٥ |
| ٨ | لەنێ عمر | کچ | ٥ | ٤ | ٥ | ٥ | ٣ | ٥ |
| ٩ | ئاریۆس هەژار | کوڕ | ٤ | ٥ | ٥ | ٣ | ٥ | ٤ |
| ١٠ | ئێدا حاجی | کچ | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | ٢ | ٥ |
| ١١ | دۆز نەوزاد | کوڕ | ٤ | ٥ | ٥ | ٥ | ٤ | ٥ |
| ١٢ | زیا زانا | کچ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٣ | ٥ |
| ١٣ | بوێر محمد | کوڕ | ٥ | ٤ | ٣ | ٤ | ٣ | ٥ |
| ١٤ | ستران جۆلان | کچ | ٤ | ٤ | ٢ | ٤ | ٢ | ٥ |
| ١٥ | لاوێن ڕێبور | کوڕ | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | ٣ | ٥ |
| ١٦ | هەسێر هەمزە | کچ | ٥ | ٤ | ٥ | ٥ | ٢ | ٥ |
| ١٧ | هەند هێژا | کچ | ٥ | ٥ | ٤ | ٤ | ٣ | ٥ |
| ١٨ | ڕڤینا حیلمی | کچ | ٤ | ٥ | ٥ | ٥ | ٢ | ٥ |


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩ | ڕەها قادر | کوڕ | ٤ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٥ |
| ٢٠ | سەیفەدین ساماڵ | کوڕ | ٣ | ٥ | ٢ | ٥ | ٢ | ٥ |
| ٢١ | ئەرینا ئەزوەر | کچ | ٣ | ٥ | ٤ | ٤ | ٣ | ٤ |
| ٢٢ | سان دڵشاد | کوڕ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٢ | ٥ |
| ٢٣ | ئیلیا سلام | کچ | ٥ | ٥ | ٣ | ٤ | ١ | ٥ |
| ٢٤ | شاهۆ حەسەن | کوڕ | ٥ | ٣ | ٤ | ٤ | ٢ | ٣ |
| ٢٥ | لاڤین ئەبوبکر | کچ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٢ | ٣ |
| ٢٦ | لاوی سامان | کوڕ | ٥ | ٥ | ٤ | ٤ | ٣ | ٥ |
| ٢٧ | لازیا ڕێباز | کچ | ٤ | ٥ | ٥ | ٥ | ٤ | ٥ |
| ٢٨ | فەرهەگ مستەفا | کوڕ | ٥ | ٥ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ |
| ٢٩ | لیا لوقمان | کچ | ٥ | ٥ | ٤ | ٣ | ٤ | ٥ |
| ٣٠ | دەڤەر شەماڵ | کوڕ | ٥ | ٥ | ٤ | ٤ | ٤ | ٥ |
| **پـــــــۆلـــــــی دووەم** | | | | | | | | |
| ١ | ڕاستی لەتیف | کوڕ | ٤ | ٣ | ٥ | ٥ | ١ | ٣ |
| ٢ | هەنی هێرش | کچ | ٥ | ٤ | ٤ | ٤ | ١ | ١ |
| ٣ | یارا حسێن | کچ | ٥ | ٥ | ٣ | ٥ | ٣ | ٤ |
| ٤ | ناڤۆ کارزان | کوڕ | ٥ | ٣ | ٥ | ٥ | ١ | ٢ |
| ٥ | ژێنەر ابراهیم | کوڕ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٤ | ٤ |
| ٦ | ڕەها جەلال | کچ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٣ | ٤ |
| ٧ | دارین دڵشاد | کوڕ | ٤ | ٥ | ٣ | ٤ | ٣ | ٣ |
| ٨ | ئارۆ کارزان | کوڕ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٢ | ٤ |
| ٩ | ژیا عمر | کچ | ٥ | ٣ | ٥ | ٥ | ٢ | ٢ |
| ١٠ | ساین ساکار | کچ | ٥ | ٥ | ٤ | ٥ | ٢ | ٥ |
| ١١ | چومانا ئەحمەد | کچ | ٥ | ٥ | ٢ | ٥ | ٢ | ٢ |
| ١٢ | مەند شەماڵ | کوڕ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٣ | ٥ |
| ١٣ | لیا سامان | کچ | ٥ | ٤ | ٤ | ٤ | ١ | ٢ |
| ١٤ | سانا نادر | کچ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ١ | ٢ |
| ١٥ | بەهەست ئەبوبکر | کوڕ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٢ | ١ |
| ١٦ | محمد عبدالله | کوڕ | ٥ | ٣ | ٥ | ٤ | ٢ | ٢ |
| ١٧ | هیدا هادی | کچ | ٥ | ٤ | ٥ | ٥ | ١ | ٢ |


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٨ | محمد سەنانیکۆ | کوڕ | ٥ | ٤ | ٥ | ٥ | ١ | ٢ |
| **پـــــــۆلـــــی ســـــــێـــــیەم** | | | | | | | | |
| ١ | ئەدا ئەحمەد | کچ | ٥ | ٤ | ٥ | ٥ | ٢ | ٤ |
| ٢ | محمد عبدالله | کوڕ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٤ | ٥ |
| ٣ | لەیاد فەرمان | کوڕ | ٤ | ٣ | ٥ | ٣ | ٣ | ٣ |
| ٤ | نزا شەماڵ | کچ | ٤ | ١ | ٤ | ٢ | ٣ | ٣ |
| ٥ | عبـــــــــدالرحمن عبدالباسط | کوڕ | ٥ | ٥ | ٣ | ٥ | ٥ | ٥ |
| ٦ | زیما زانا | کچ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٤ | ٤ |
| ٧ | سارا ڕەئوف | کچ | ٤ | ٢ | ٥ | ٢ | ٢ | ٢ |
| ٨ | کۆوار حیدەر | کوڕ | ٥ | ٤ | ٥ | ٥ | ٤ | ٣ |
| ٩ | ئیلیان بیلال | کوڕ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ |
| ١٠ | نوها سعد | کچ | ٥ | ٥ | ٥ | ٤ | ٤ | ٣ |
| ١١ | ژێدەر فاروق | کوڕ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ |
| ١٢ | ئەرین هیوا | کچ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٤ | ٣ |
| ١٣ | دلین مەریوان | کچ | ٥ | ٥ | ٥ | ٤ | ٢ | ٢ |
| ١٤ | ڕوان ڕێبوار | کوڕ | ٥ | ٣ | ٢ | ٤ | ٣ | ١ |
| ١٥ | داناس هێمن | کچ | ٥ | ٥ | ٥ | ٤ | ٥ | ٥ |
| ١٦ | کەیوان عەلی | کوڕ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٤ | ٥ |
| ١٧ | موسلیم شێرزاد | کوڕ | ٥ | ٥ | ٥ | ٣ | ٥ | ٤ |
| ١٨ | محمد لوقمان | کوڕ | ٥ | ٣ | ٥ | ٣ | ٣ | ٤ |

سەرچاوە/ سەردانی مەیدانی لە بەرواری/ ٦-٧ / ٣ / ٢٠١٨

پاشکۆی ژمارە (٢)

نمونەیەک لەشێوازی پرسیارکردن و وەرگرتنی وەڵامەکان بۆ پۆلی یەکەم

| | ناو | ڕەگەز | بابەت | چەمک | | واتاکەی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | کوردی | English | کوردی | English |
| پۆلی | ژێر | نێر MALE | ئینگلیزی ENGLISH | جانتا | BAG | √ | √ |
| | | | | مراوی | DUCK | √ | √ |
| | | | | هێلکە | EGG | √ | √ |


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | مریشک | HEN | √ | × |
| | | | | مۆتە/ دۆندرمە | ICE CREAM | √ | √ |
| | بوێــر محمد | نێــر MALE | زانست SCIENCE | مشک | MOUSE | √ | √ |
| | | | | ماسی | FISH | √ | √ |
| | | | | فیل | ELEPHANT | √ | √ |
| | | | | دارستان | FOREST | × | × |
| | | | | توتی | PARROT | × | √ |
| | بوێــر محمد | نێــر MALE | بیرکاری MATHEMATIC | دە (١٠) | TEN (10) | √ | √ |
| | | | | پێنج (٥) | FIVE (5) | √ | √ |
| | | | | کۆ (+) | PLUS (+) | √ | √ |
| | | | | یەکسانە (=) | EQUAL (=) | × | √ |
| | | | | کەم (–) | MINUS (-) | × | √ |
| پـــــۆلـــــی دووەم | هەنی هێرش | مێ FMLE | ئینگلیزی ENGLISH | شێر | LION | √ | × |
| | | | | پەنجەرە | WINDOW | √ | √ |
| | | | | شەربەت | JUICE | √ | √ |
| | | | | گۆرەوی | SOCK | √ | √ |
| | | | | مێرولە | ANT | √ | √ |
| | هەنی هێرش | مێ FMLE | زانست SCIENCE | کەرەکێوی | ZEBRA | √ | √ |
| | | | | بۆق | FROG | √ | √ |
| | | | | میوە | FRUIT | √ | √ |
| | | | | مانگ | MOON | × | √ |
| | | | | تاڤگە | WATERFALL | × | × |
| | هەنی هێرش | مێ FMLE | بیرکاری MATHEMATIC | شەش پاڵو | CUBE | × | × |
| | | | | قوچەک | CONE | × | × |
| | | | | نەوەت (٩٠) | NINETY | × | × |
| | | | | لولەک | CYLINDER | × | × |
| | | | | گۆشە | CORNER | √ | √ |
| پـــۆلــــی | لەیاد فەرمان | نێــر MALE | ئینگلیزی ENGLISH | بەلەم | BOAT | × | √ |
| | | | | ئەسپ | HORSE | √ | √ |
| | | | | جێگەی خەو | BED | × | √ |
| | | | | گڵۆپ | LAMP | √ | × |
| | | | | شەمەندەفەر | TRAIN | √ | √ |


| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| × | √ | SEED APPLE | تۆوی سێو | زانست SCIENCE | نێر MALE | لەیاد فەرمان | |
| √ | √ | RABBIT | کەروێشک | | | | |
| × | √ | WATERMELON | شوتی | | | | |
| √ | √ | FOX | ڕێوی | | | | |
| √ | √ | BEAR | ورچ | | | | |
| √ | √ | ONE HUNDRED ONE | سەدو یەک (١٠١) | بیرکاری MATHEMATIC | نێر MALE | لەیاد فەرمان | |
| √ | √ | SEVEN HUNDRED NINE | حەسەدو نۆ (٧٠٩) | | | | |
| × | × | MULTIPLY | لێکدان (×) | | | | |
| × | × | DIVISION | دابەش (÷) | | | | |
| √ | √ | TWENTY FIVE THOUSAND DINARS | بیست و پێنج هەزار دینار | | | | |

سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەست بە پاشکۆی ژمارە (١)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پاشکۆی ژمارە (٣)

وێنەی بەکارهێنراو بۆ پرسیاری ئاڕاستەکراو




سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەست بە:

1-Sunrise one, Student's Book, Property of Ministry Education.

2-Science one, Grade one, Student Book, Property of Ministry Education.

3-Mathematics one, Grade one, Student Book, Property of Ministry Education.

4- Sunrise two, Student's Book, Property of Ministry Education.

5- Science two, Grade two, Student Book, Property of Ministry Education.

6- Mathematics two, Grade two, Student Book, Property of Ministry Education.

7- Sunrise three, Student's Book, Property of Ministry Education.

8- Science three, Grade three, Student Book, Property of Ministry Education.

9- Mathematics three, Grade three, Student Book, Property of Ministry Education.

## **سەرچاوەکان**

١- ادوارد ساپیر، ١٣٧٦، زبان (در امدی بر مگالعه سخن گفتن) ، چاپ اول، انتشارات سروش، تهران

٢- چۆڵی ئەسعەد جراد،زمان لە ڕاگەیەنراوی بینراودا،مجستیر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٣.

٣- خالد بن عبالعزیز الدامغ، سن الأنسب لتدریس اللغات الأجنبیة، الطبعة الأولی، ٢٠١١.

٤- حاتم صالح الضامن، ١٩٨٩، علم اللغه، طبع بمطبعه التعلیم العالی، الموصل.

٥- سازان رضا معین، زمانی ئاماژە لەچوارچێوەی زمانەوانی کوردیدا، دکتورا، زانکۆی دهۆک، ٢٠١٥.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٦- عـەدنان عەبـدوڵڵا عەبـدولوەهاب، وەرگرتنـی زمـان لای منداڵ، ماسـتەر، زانكۆی سـلێمانی، ٢٠١٥.

٧- فەرهاد تۆفیق حەسەن،زمان لە ڕیكلامی كوردیدا، دكتۆرا، زانكۆی سلێمانی،٢٠١٥ .

٨- كەریم شـەریف قەرەچەتانی، سایكۆلۆژیایی پەروەردەیی، چاپی یەكەم، چاپخانـەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٩- محمەد معروف فتاح، زمانەوانی، چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر،چاپی سێیەم،٢٠١١.

١٠- معزوزن سمير، اكتسـاب اللغـة الثانية وأثره علی اللغة الأولی، مجلهة الممارسـات اللغويـة، عدد٢٠، ٢٠١٣.

١١- مهاباد كامل عبدالله. زمـانی دایک لـه سیسـتەمی پـەروەردەدا، گۆڤاری زانكۆی ڕاپـەڕین، ژمارە(٥)، ٢٠١٥.

١٢- وەرگێڕانی ئازاد ئەمین باخەوان، ناصح محمد فاتح، گەشەكردنی زمـانی منداڵ، چاپخانـەی كارۆ، چاپی یەكەم، ٢٠١١.

13- Dorthe Buhmann, Barbara Trudell, Mother Tongue Matters: Local language As Key to Effective learning, United Nations Educational, France.2008.

14- Keith McCormick and Jesus Salcedo with Aarin poh, SPSS Statistic for DUMMIES 3rd EDITION, Published simultaneously Hoboken, New Jersey Canada, 2015.

15- Sabine Landau and Brian S.Everitt, A Handbook of Statistical Analyses using Spss, Chapman &Hall/CRC, United States of America,2004.

16- UNESCO OPERATIONAL DEFINITION OF BASIC EDUCATION, Thematic Framework, (December 2007)

١٧- أحمد الخطيب يحاضر، حول وسائل الإعلام المسموعة والمرئية في التنمية اللغوية، منتدی كلية الآداب والفنون، جامعة عمان الأهلية، ٢٠١٠.http://alrai.com

١٨- سـديقە عەداڵـەتی، و. فـاتیح ئـارەش، ماڵپـەڕی كوردپـا "ئاژنسـی هەواڵـدەری كوردسـتان" http://www.kurdpa.net/?id=7574&besh=dreje

١٩- سيف، علی اكبر(١٣٧٩). روانشناسی پرورشی. تهران: انتشارات اگاه.

http://kurdeducation.blogspot.com/2013/05/blog-post_9.html

20- http://www.dictionary.com/browse/second-language

21- https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/second-language

22- www.mawdoo3.com/%D9%85%D8%B1%D8%A7%D8%AD%D9%84_%D8%A7%D9%84%D8%AF%D8%B1%D8%A7%D8%B3%D8%A9#.D9.85.D8.B1.D8.AD.D9.84.D8.A9_.D8.A7.D9.84.D8.AF.D8.B1.D8.A7.D8.B3.D8.A9_.D8.A7.D9.84.D8.A3.D8.B3.D8.A7.D8.B3.D9.8A.D8.A9

سەرچاوەی وێنەکان، کتێبەکانی ئینگلیزی و زانست و بیرکاری پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەم بوون، کە ئەمانەی خوارەوەن:

1-Sunrise one, Student's Book, Property of Ministry Education.
2-Science one, Grade one, Student Book, Property of Ministry Education.
3-Mathematics one, Grade one, Student Book, Property of Ministry Education.
4- Sunrise two, Student's Book, Property of Ministry Education.
5- Science two, Grade two, Student Book, Property of Ministry Education.
6- Mathematics two, Grade two, Student Book, Property of Ministry Education.
7- Sunrise three, Student's Book, Property of Ministry Education.
8– Science three, Grade three, Student Book, Property of Ministry Education.
9- Mathematics three, Grade three, Student Book, Property of Ministry Education.

**پوختەی توێژینەوەکە**

**توێژینەوەیەکی زمانەوانییەو لە بواری زمانەوانی کارەکیدایە بە ناونیشانی (ڕادەی کاریگەری زمانی ئینگلیزی لەسەرفێربوونی زمانی دایک( لە قۆناغی بنەڕەتی)دا.**

**بە مەبەستی شیکردنەوەو نیشاندانی ڕادەو کاریگەری خوێندن بە زمانی ئینگلیزی لەسەر زمانی دایک. توێژینەوەکە لە پێشەکی و ئەنجام و دوو تەوەر پێکهاتووە:**

**لە تەوەری یەکەمدا چەمکە بەکارهاتووەکان ناسێنراون. لە تەوەری دووەمدا، کە لایەنی مەیدانی کارەکەیە ڕادەو کاریگەری خوێندن بە زمانی ئینگلیزی لەسەر زمانی دایک ڕوونکراوەتەوەو نیشاندراوە.**

**خلاصة**

**إن البحث الموسوم ب (مدى تأثير اللغة الإنكليزية على تعلم لغة الأم في المراحل الأساسية) بحث لغوي في مجال علم اللغة التطبيقي؛حيث يهدف إلى تحليل وعرض تأثير تعلم اللغة الإنكليزية على لغة الأم .يتكون البحث من مقدمة وخاتمة ومحورين اثنين؛في المحور الأول تم تعريف المصطلحات المستخدمة في البحث، فيما تناول المحور الثاني الجانب التطبيقي للعمل حيث يوضح تأثير التعلم اللغة الإنكليزية على لغة الأم.**

## Abstract

It is a linguistic research in the field of applied linguistics. (The effect of English language on mother tongue 'Kurdish language' in basic level). The aim is to analyse the effect of English language on mother tongue.

The research consists of an introduction and conclusion and two sections. In the first section, the used terms are introduced. In the second section, is the practical part of the research, so the effect of studing English language on mother toungue is shown.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)